# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٤ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. د. میشێل لێزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان


* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

# پێکهاتەی بڕگەی زمانی کوردی لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا
# «دیالێکتی ناوەڕاست بە نموونە)


پ.ی.د. تەلار صباح عمر
بەشی کوردی فاکەڵتی پەروەردە زانکۆی کۆیە
org.koyauniversity@sabah.talar



پوختە

دەنگەکان جەوهەری زمانن، هەموو زمانێکیش لە سەرەتادا بە دەنگ دەستپێدەکات، واتە دەنگەکان یەکەم بەرهەمهێنەری زمانن لەلایەن تاک. مرۆڤ بەهۆی ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەنگ، ژمارەیەکی بێئەندازە بڕگە ومۆرفیم و وشە و زاراوەی زمانی دروستدەکات. ئەم بڕگە و وشە و زاراوانەی زمانیش هەمیشە وەک خۆیان نادرکێندرێن، بەڵکو بەهۆی ژینگەی دەوروبەریان، یان بەهۆی نواندنی فۆنیمەکانی زمان لە داڕشتنی یەکەی گەورەتر گۆڕان لە درکاندنیاندا ڕوودەدات. کەواتە بنەماکانی بنیادنانی بنەڕەتی قسەکردن بریتین لە فۆنیم، کە بچوکترین یەکەی زمانە خۆی واتای نییە، بەڵام دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا. پێکهاتەی ڤاوڵەکان دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەدیهێنانی فۆنەتیکی وشەکان هەبێت. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان سەرنج دەخاتە سەر لایەنە فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەکان و چۆنیەتی بەرهەمهێنان و تێکەڵکردنی دەنگەکان بۆ دروستکردنی بڕگە. بڕگە یەکەیەکی زمانە، پەیوەستە بە ڤاوڵەکانەوە. ئەم ڤاوڵانە «کرۆکی لوتکە) هێزی بڕگە وەردەگرێت بەگوێرەی کورت ودرێژی ڤاوڵەکان بڕگە دەستنیشاندەکرێت. پێکهاتەی بڕگەش ئاماژە بە چۆنیەتی ڕێکخستن و ڕێکخستنی دەنگەکان بۆ پێکهێنانی گوتەی واتادار لە زمانێکی دیاریکراودا دەکات، بڕگەکان بونیادنەری وشەکانن کاریگەریان لەسەر شێواز و درکاندنی وشەکان هەیە.



کلیلەوشە: دەنگ، فۆنیم، ڤاوڵی کورت، ڤاوڵی درێژ، بە بڕگەکردنەوە

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی پێکهاتەی بڕگەی زمانی کوردی لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا «دیالێکتی ناوەڕاست بە نموونە»یە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە بڕگە یەکەیەکی گرنگی پێکهاتەی وشەکانی زمانە و بەگوێرەی ڤاوڵە درێژی و کورتەکان دروستدەبێت، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی توێژینەوە لەم بارەیەوە ئەنجامبدەین. ئامانجی توێژینەوەیەکەمان دەستنیشانکردنی پێکهاتەی بڕگەکانی زمانی کوردیە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا. میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان وەسفی شیکارییە. ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لە دووبەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا پێداچونەوەیەک بۆ کارەکانی پێشو ئەنجامدەدەین، دواتر تیشکدەخاتە سەر فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان و تایبەتمەندییەکانی و سیما فۆنۆلۆژییەکان لەگەڵ خستنەڕووی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی. لە بەشی دووەم تیشک دەخەینە سەر بڕگە و سنوری بڕگە و قاڵبەکانی بڕگەی زمانی کوردی لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا. لە ئەنجامدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەخەینەڕوو: ئایا فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان هیچ چوارچێوەیەک بۆ نەخشە دەنگییەکان لەزماندا دابیندەکات؟ قاڵبەکانی بڕگە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا چۆنە؟ ئایا گۆڕان لە سنوری بڕگە ڕوودەدات؟ ئایا لە زمانی کوردیدا فۆنۆلۆژی بەهەمهێنان لەسەر بیرۆکەی داهێنان لە سەر جیاوازیکردنی هەردوو ئاستی قووڵ و ڕووکەش دروستبووە؟

لە کۆتایدا جگە لە پوختە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتەڕوو.

١. ناساندنی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان و دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی

### ١.١ پێشینەی توێژینەوە.

سەبارەت بە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان چەند کارێک لە چوارچێوەی نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان ئەنجامدراوە. یەکەمین کار بە کرمانجی ناوەڕاست لە بارەی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنانەوە نوسرابێت نامەیەکی ماستەرە لەلایەن «خەبات هادی جەمیل)ە، لە ساڵی ٢.١٥ بە ناونیشانی )فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا)، لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی زمان نوسراوە، ئەم ماستەرنامەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی یاسا فۆنۆلۆژییەکان و پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان، کێشەی شیکاری فۆنێمەکان دەکات. لە بەشی دووەم باس لەفۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان و فۆنۆلۆژی کەرتە دەنگییەکان، بنەماکانی گۆڕانی فۆنۆلۆژی دەکات. لە بەشی سێیەمدا باسی سیما جیاکەرەوەکانی دەنگەکانی کردووە، شێواز و شوێنی گۆکردنی دەنگەکان و پاشان پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، گۆڕانی یاسا گوێزراوە و یاساکانی ئاستی وشە و بەرهەمهێنانی هێزی دەنگی وشەی باسکردووە.

تێزی دکتۆای سەلوا فەریق سالح بەناونیشانی «ئەتلەسا فۆنۆلۆجیا زمانێ کوردی پارێزگەها دهۆکێ) ئەم تێزە لە سێ بەش پێکدێت، لە ساڵی ٢٠١٧ وەک کتێب چاپکراوە زۆر بابەتی بەنرخی وروژاندوە و پەردەی لەسەر زۆر شت هەڵداوەتەوە.

نامەیەکی تر لە زانکۆی ڕاپەڕین هەیە، بە ناونیشانی)پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی منداڵی کورددا) لە نوسینی «کارزان خدر اسماعیل)ە، لە ساڵی ٢٠٢١ نوسراوە، ئەم نامەیە لە سێ بەشی پێکهاتووە، دوای دەروازەیەکی تیۆری لەسەر بابەتە فۆنۆلۆژییەکان، تیۆرەکانی وەرگرتنی زمان باسدەکات. توێژەر زیاتر لە ڕوانگەی فێربوونی

زمانی منداڵ لە تیۆرەکە دەدوێت. هەر لە زانکۆی ڕاپەڕین تێزی دکتۆرای «هاوسەر نەوزاد فەقێ ئیبراهیم) بە ناونیشانی )دەنگسازیی کێشناسی و دەنگسازیی کەرتە دەنگییە خودکارییەکاندا) لە ساڵی ٢٠٢٢ نوسراوە، ئەم تێزە لە سێ بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا، باس لە بنەماکانی دەنگسازی دەکات. بەشی دووەم باس لە دەنگسازی کێشناسی دەکات، بەشی سێیەمی تەرخانکردووە بۆ دەنگسازی کەرتە دەنگییە خودکارییەکان.

تێزی دکتۆرای)کسر یاسین» بە ناونیشانی «فۆنۆلۆژییا بەرهەمهێنانێ یا نە ڕاستەهێلی د زمانێ کوردیدا) ئەم تێزەش لە زانکۆی زاخۆی ساڵی٢.٢٣ نوسراوە، ئەم تێزە باس لە جۆرەکانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان دەکات، کە یەکێک لەو جۆرانە تیۆری نمونەییە، تەنیا ناساندنێکی سادەوساکارە، لەگەڵ چوارچێوەی توێژینەوەکەیدا دەگونجێت .

## ١.١ فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان تیۆرێکە لە تیۆرەکان لە چوارچێوەی بواری زمانەوانیدا، لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا پەرەیسەندووە، تیشکدەخاتە سەر نوێنەرایەتیی دەروونی و درووستکردنی نەخشە دەنگییەکانی زمان، هەروەها سەرنج دەخاتە سەر پێکهاتە ئەبستراکت و بنەڕەتییەکانی نەخشە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی مرۆڤدا. سەرەتای سەرهەڵدانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان بە پلەی یەکەم بۆ کارەکانی نوام چۆمسکی و مۆریس هال دەگەڕێتەوە. ئەمەش وەک کاردانەوەیەک بوو دژی دەنگسازی دێرین، کە لە بەرهەمەکەیاندا لە ساڵی ١٩٦٨دا «شێوەی دەنگی ئینگلیزی» پەرەیپێدراوە، ڕێگەیەکی سیستماتیکی بۆ هەژمارکردنی نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان و فۆرمەکانی ڕووکاری توخمە فۆنۆلۆژییەکان دابیندەکات.

«فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لقێکی سەرەکییە لەڕێزمانی بەرهەمهێنان، ئەمەش بەشێکە لە ڕێزمانی گشتی، هەوڵدەدات شیکردنەوە بۆ ڕەگەزە بەکارهاتووەکانی فۆنۆلۆژی بکات، هەروەها هەوڵدەدات وەسفکردنێکی گونجاوی زمان بکات، کە لەئاخێوەری زماندا هەبێت، تاکو بگونجێت لەگەڵ سیستەمی دەنگییەکە بۆئەوەی بەدروستی بەکاریبهێنین. گرنگترین ئاستی نواندن لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا بریتییە لە نواندنی سیستەمی دەنگی و نواندنی سیستەمی فۆنۆلۆژی. لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا جەخت لەسەر دۆزینەوەی یاسا و بنەما فۆنۆلۆژییە بنەڕەتییەکان دەکرێتەوە، کە قسەکەران بە شێوەیەکی نائاگا بۆ دروستکردنی دەنگەکانی زمانەکەیان بەکاریدەهێنن. ئەم یاسایانە وەک بەشێک لەو زانستە زمانەوانییە زگماکییە سەیردەکرێت، کە قسەکەران خاوەنیانن). (Charles and Michel 1979:2»

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان گرنگی و کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تیۆرە زمانەوانییەکان و لێکۆڵینەوەکانی هەبووە، بە دابینکردنی چوارچێوەیەکی فەرمی بۆ شیکردنەوەی نەخشە فۆنۆلۆژییەکان. زمانزانان توانیویانە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی زمانەکان ئاشکرابکەن و گۆڕانکارییە فۆنۆلۆژییە ئاڵۆزەکان ڕوونبکەنەوە. جەختکردنەوەی تیۆرییەکە لەسەر نوێنەرایەتی و یاسا ئەبستراکتەکان ڕێگەی خۆشکردووە بۆ پێشکەوتنی زیاتر، وەک تیۆری ئۆپتیمالیتی و ڕێبازەکانی دیکەی بنەمادار بە سنووردارکردن.

مەبەست و ئامانجی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان وەسفکردنی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی زمانەکانە بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێسا و بنەمای فەرمی

و وەسفکردنی ئەو زانیارییە ناڕاستەوخۆیەیە، کە قسەکەران هەیانە سەبارەت بە فۆرمەکانی فۆنۆلۆژی ڕێگەپێدراو لەزمانەکەیاندا. واتە ئامانجی سەرەکی بریتییە لەوەی توانای ئاوەزیی و مێشک»توانست) بکات بە مۆدێل بەشێوەیەک کە توانای دروستکردنی»بەرهەمهێنان)ی ڕستەکان و تێگەیشتنیان بگرێتەوە، «مەحوی ٢٠٠٨: ٩) هەروەها وەسفکردنی گونجاوی ئاخاوتنە، بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمی دەنگی و تێگەیشتنی لەو زمانانەی کە فۆنۆلۆژیی بە بەرهەمدێن.

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان بەرهەمی هەوڵ و ڕێبازی جیاوازە لە کۆن و نوێدا بۆ هێنانەکایەی بەرهەمێکی پڕاوپڕ، کە بتوانی دیاردە دەنگییەکانی ناو ڕێزمان لێکبداتەوە، هەروەها بنەمای جیاکردنەوەی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی لەسەر بنەمای ڕۆنای سەرەوە و ژێرەوە هاتەکایەوە. فۆنۆلۆژی کلاسیکی هەوڵدەدات بۆ شیکردنەوەی درکاندن، کە لە چ بەشێکی زمان دروستدەبێت، بەڵام فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان هەوڵدەدات بۆ دانانی یاسایەک بۆ پێکەوەگرێدان لەناو ئاواکردنی ڕستەی ڕێزمانی و شێوەکەی و دەنگەکەی لەژێر تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان. لەلای چۆمسکی ئاستی دەنگی بەیەک ئاست ڕوونکراوەتەوە، دەنگەکانی زمانی دیاریکردیە بە کۆمەڵە سیمایەکی دەنگی جیاکەرەوە، هەر دەنگێک لەسیستەمە دەنگیەکەی زماندا دیاریدەکات و جیایدەکاتەوە. «حنا ١٩٩٧: ٥٣) کەواتە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان هەوڵدەدات وەسفکردنێکی وردی درکاندن لەبەرهەمهێنانی سیستەمی دەنگی و تێگەیشتن بۆ زمان بکات.

## ١-٣ قۆناغەکانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان ئامانجی ڕوونکردنەوەیە نەک تەنها ئەو شێوازە فۆنۆلۆژییانەی، کە لە زمانە تاکە کەسییەکاندا چاودێری دەکرێن، بەڵکو بنەما گشتگیرەکانیش شێوازەکانی دەنگ لە سەرانسەری هەموو زمانەکان بەڕێوەدەبەن، پەیوەستن بەدانانی کۆمەڵێک یاسا و سنووردارکردنی گشتگیر، هەربۆیە فۆنۆلۆژیستەکانی بەرهەمهێنان هەوڵدەدەن پێکهاتەی بنەڕەتی زانستی فۆنۆلۆژی مرۆڤ ئاشکرابکەن. کە بەپێی چەند قۆناغێک ئەنجامدەدرێت:

«یەکەم قۆناغی فۆنۆلۆژی یاسا بناغەیە، کە بە قۆناغی دەرکەوتن و سەرەتایی دەگوترێت، لە چوارچێوەی بیری سیستەمی دەنگی هەر زمانێکی سەربەخۆ بەجیا وەسف و شیکردنەوە بۆ دەنگەکان دەکات، جیاکردنەوەی نواندنی فۆنەتیکی لە نواندنی فۆنۆلۆژی لەزمانێکی دیاریکراودا، لەناو دەقێکی تایبەت بەڕیزبەندی لەسەر نواندنی فۆنۆلۆژی کاردەکات). «خان ١٣٩٨: ٨)

یاسافۆنۆلۆژییەکان یاسای ئەبستراکتن، باس لە شێوازی سیستماتیکی دەکەن، کە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان «فۆنیمەکان) دەگۆڕدرێن بۆ فۆرمی فۆنەتیکی ڕووکار. ئەم یاسایانە هۆکاری دیاردەکانی وەک جیاکردنەوە و سڕینەوە و جێگیرکردنی دەنگەکان لە قسەکردندا دەگرێتەوە. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان پێیوایە، کە قسەکەران نوێنەرایەتی دەروونیی دەنگەکانی زمانەکەیان هەیە، ڕەنگە لەو دەنگە ڕاستەقینانەی، کە لە قسەکردندا بەرهەمدەهێنرێن جیاواز بێت. ئەم نوێنەرایەتییە بنەڕەتییانە بە هۆی یاساکانی فۆنۆلۆژییەوە دەگۆڕدرێن بۆ دروستکردنی فۆرمەکانی ڕووکار.

دواتر قۆناغی فۆنۆلۆژی بنەما و پارامیتەرە، کە "«جەخت لەسەر نواندنی فۆنۆلۆژی و دەنگ دەکاتەوە، لێرەدا بنەمای فۆنێم لەجێگای یاسای فۆنێم دانراوە، هەردووکیشیان یاسابناغە و بنەما و پارامیتەر لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا لەژێر

ناوی فۆنۆلۆژی جیاکردنەوە پێشنیازکراوە، چونکە فۆنۆلۆژی دوای کارکردنی یاسای فۆنێمی بنەما و پارامیتەرەکانی فۆنێمی لەسەر نواندنی فۆنۆلۆژی بەدەستدێن. کۆتا قۆناغی فۆنۆلۆژی سنورداری بناغەیە)) «رستمی ١٣٩٢: ٢٣) هواتـە، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان بەچەند قۆناغێک چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە سروشتی سیستماتیکی نەخشە دەنگییەکان لەزماندا دابیندەکات و تێڕوانینێک پێشکەشدەکات، بـۆئـەو نەخشانەی لـە مێشکی قسەکەرەکاندا دروستدەبن.

## ١-٤ـ تایبەتمەندی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

تایبەتمەندییەکانی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان، کە لە ڕێبازەکانی دیکەی شیکردنەوەی فۆنۆلۆژی جیایدەکەنەوە ئەمانەن:

١ـ وشـەکان بە فۆرمێکی فۆنۆلۆژی ئەبستراکت و بنەڕەتییەوە لەمێشکدا هەڵدەگیرێن. ڕۆنانی قوڵ»URs) کە ئەبستراکتن بریتین لە فۆرمەکانی فۆنۆلۆژی پێش ئەوەی هەر یاسایەکی فۆنۆلۆژی جێبەجێبکرێت. نوێنەرایەتییە ڕووکارەکان ڕۆنانی ڕووکـەش»SRs) فۆرمی ڕاستەقینەی قسەکراوی وشـەکـانـن هـەمـوو یاساکانی فۆنۆلۆژییەکانیان لـەسـەرجـێبـەجـێکراوە. «یـاسـاکـانـی فـۆنـۆلـۆژی نێوەندگیری لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا دەکەن.)

٢. فـۆنـۆلـۆژی بەرهەمهێنان یـاسـای فەرمی بۆگۆڕینی نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان بۆ فۆرمی ڕووکـار بەکاردەهێنێت. ئـەم یاسایانەش نەخشە و پـرۆسـەی ڕێکوپێک لـە فـۆنـۆلـۆژی زمانێکدا دەگرن. یاساکان بە شێوەیەکی گشتی هەستیارن بە کۆنتێکست، واتە لە ژێر بارودۆخی فۆنۆلۆژی تایبەتدا کاریان پێدەکرێن. ئەم یاسایانە دەتوانن پرۆسـەکـانی وەکـو جـیـاکـردنـەوە، جێگیرکردن، سڕینەوە، ... لەخۆبگرن.

٣ـ فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان کۆمەڵێک تایبەتمەندی دووانـەیـی «وەک [±دەنـگ]، [±لـووت] و هتد) بۆ تایبەتمەندکردنی فۆنێمەکانی زمانێک بەکاردەهێنێت. ئەم تایبەتمەندیانە یارمەتیدەرن بۆ وەسفکردنی نەخشە فۆنۆلۆژییەکان و بەکارهێنانی یاساکان بەوردی. بۆنمونە تایبەتمەندکردنی فۆنێمی [س] – گر +کپ، هەروەها [ز] +گر-کپ

٤ـکۆمەڵێک دەنگ هەندێک تایبەتمەندی جیاوازیان هەیە. چینە سروشتییەکان داڕشتنی یاساکانی فۆنۆلۆژی ئـاسـان دەکـەن، بـەو پێیەی زۆرجـار یاساکان بۆ تەواوی چینەکان دەگونجێن نەک دەنگە تاکە کەسییەکان.

٥. جەخت لـەسـەر هێزی بەرهەمهێنانی یاساکانی فۆنۆلۆژی دەکـاتـەوە، واتـە دەتـوانـن ژمارەیەکی بێکۆتایی فۆرمی ڕووکار لەکۆمەڵەیەکی سنووردار لەنوێنەرایەتی و ڕێسای بنەڕەتییەوە دروستبکەن.

٦. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان زۆرجار نوێنەرایەتی یـاسـا ئـەبـسـتـراکـتـەکـان دەخـاتـەڕوو، کـە ڕەنـگـە پەیوەندییەکی فۆنەتیکی ڕاستەوخۆیان نەبێت. ئـەم ئەبستراکتبوونە دەتـوانـێـت هـۆکـارێـک بێت بۆئەوەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بە ئاسانی بە تەنیا بە فۆرمەکانی ڕووکـار ڕوونبکرێتەوە. واتـە ئەم ئەبستراکتبوونە ڕێگەدەدات بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە نەخشە فۆنۆلۆژییەکان و گۆڕانکارییەکان.

٧. یاساکانی فۆنۆلۆژی بەڕیزبەندییەکی دیاریکراو جێبەجێدەکرێن، ئەم ڕیزبەندییە دەتوانێت کاریگەری لـەسـەر ئەنجامی وەرگرتـنی فـۆنـۆلـۆژی هەبێت. ڕێکخستنی یاساکان دەتوانێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، بۆچی هەندێک پرۆسـەی فۆنۆلۆژی پێش ئەوانی تر ڕوودەدەن.

## ١-٥. سیمای فۆنۆلۆژی

ناتوانین باس لە ئەرکی دەنگەکانی زمان بکەین بێئەوەی ئاماژە بە تایبەتمەندی بیستنی ئەو دەنگکانە نەکەین وەک لێوی، وەستاوی،.... بەرلەوەی باس لە سیما فۆنۆلۆژی بکەین باشتروایە باس لە سیمای دەنگی و سیمای جیاکەرەوە بکەین.

١-٥-١ سیمای دەنگی: زمانەوانان دەنگەکانی ئاخاوتن بە گروپێک لە سیماکان دەناسێنن، کە لە ئەنجامی دەربرینی دەنگەکانی زمان بەدەستدێن. «»یەکەم خاڵ لە دیاریکردنی سیمای دەنگەکان دیاریکردنی سازگەی دەنگەکانە، دەنگەکە لێویە، ددانییە،... هەر بەتەنها سازگە بەس نییە بۆ دیاریکردنی سیمای دەنگەکان، چونکە چەند دەنگێک هەن هەمان سازگەی درکاندنیان هەیە، بەڵام هەڵگری سیمای ترن، وەک گری، کپی.)) «عەبدوڵلا و عەلی، ٢٠١٨، صفحة ١٠٩) سیماکان دوو مەبەستی سەرەکیان هەیە:

«»١. دەستەیەک سیمای بەهادار بۆ هەریەکێک لە یەکە دەنگییە جیاوازیەکانی زمانی مرۆڤ دابیندەکات.

٢. بوونی رێگایەکی سروشتی بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی ئەو پۆلە دەنگییانەی بەیەکەوە لە پرۆسە فۆنۆلۆژیەکاندا کاردەکەن.)) «جمیل ٢٠١٥: ٨٣-٨٤)

### ١-٥-٢ سیمای جیاکەرەوە:

جەخت لەسەر هێمای زمانی دەکاتەوە، پێیوایە وشەیەکی وەک دار لە»د،ا،ر) پێکدێت. ئەو هێما زمانییە دەتوانرێت پارچەپارچە بکرێت. هەرچەندە دەنگەکان بچوکترین یەکەی زمانن، بەڵام دەنگەکان بۆخۆیان هەڵگری سیمای جیاکەرەوەن، پێویستە لە جیاکردنەوەی دەنگەکان سیمای دەنگی و سیمای جیاکەرەوە بۆدەنگەکان ئەنجامبدەین. سیمای تایبەت بەدەنگەکان لە زمانێکی دیاریکراو وەرناگرین، واتە بەشێوەیەکی گشتی سیمای دەنگەکە وەردەگرین، بەڵام سیمای جیاکەرەوە تایبەتە بەزمانیکی دیاریکراو و ئامانج لەو سیمایانە ئەوەیە رۆڵیان لەدەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی هێمایەکی زمانی لەگەڵ هێمایەکی تر لەناو هەمان زماندا هەیە. بۆ نمونە دەنگی] ب[ دەنگێکی لێوی گرە، کپی دەنگی [ب] دەنگی [پ]، کە رۆڵێکی ئەرکی هەیە. وەک دەنگی [ب] و[پ] لە نمونەی «بەر)و»پەر)دا. رەگەزێکی تری جیاکردنەوەی جیاوازی واتای وشەکانە لەزمانەکەدا. لە فۆنۆلۆژیدا سیمای جیاکەرەوەی دەنگەکانی زمان لە زمانی سروشتی وفسیۆلۆژی، یان بایلۆجی دەردەخات. بۆنمونە یاکوپسون ئەم سیمایانەی لەتیۆرەکەی خۆی لە سروشتی فیزیکی دەنگەکان دەرخست، کەواتە سیمای جیاکەرەوە ئەو گۆڕانانەیە، کە لەسیمای دەنگەکان پەیدادەبن، ئەم سیما جیاکەرەوانەش سیمای جوتۆکەیە ئامادەیە+ یان نائامادەیە. «عەبدوڵلا و عەلی ٢٠١٨: ١١٠) سیمای جیاکەرەوە یەکێکە لەرێبازەکانی فۆنۆلۆژی بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت لایەنی جیاواز و لێکچون لەنێوان فۆنیمەکاندا دەستنیشانبکات. «ئیسماعیل، ٢٠١٣، صفحة ٣٢)

سیماکان چەند پۆلێکی فراوان لێکجادەکەنەوە، بۆنموونە دەنگە کۆنسنانتەکان بەسەر دوو پۆلی سەرەکی دابەشدەبن، دەنگە کۆنسنانتە گرەکان و دەنگە کۆنسنانتە کپەکان. ئەمەش سیمای جیاکەرەوەی دوودانەیی دەگەیەنێت دەنگە کۆنسنانتە گرەکان سیمای[voice+[ هەڵدەگرن لەهەمانکاتدا دەنگە کۆنسنانتەکپەکان سیمای| voice_|هەڵدەگرن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، تاماوەیەکی زۆر لەشیکردنەوەی دەنگسازیدا تەنیا فۆنیم بچوکترین یەکەی دەنگی بوو، بەڵام دواتر سیماکان بەهەند

وەرگیران، سیماکانی»+_) هاوکاری فۆنیمەکان بوون بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە ڕۆنانی ژێرەوەی کەرتە دەنگییەکان. «جمیل ٢٠١٥: ٨٣)

ئەم سیمایانە زۆر گرنگن لەزماندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بەهۆی ئەم سیمایانەوە یەکەکانی دەناسرێنن. بۆنمونە دەنگی [ب] لەڕێگای گۆکردنەوە سیمای ئەم دەنگە دەناسین. هەر دەنگێک لە دەنگەکانی زمان بمانەوێت بیانناسین بریتین لەکۆمەڵێک سیما. «عەبدوللا و عەلی ٢٠١٨: ١١١)

ترۆبتسکۆی پێیوایە کەهەریەکەیەکی دەنگی پێویستە سیمای جیاکەرەوەی هەبێت لەگەڵ یەکەکانی تر، کە دەبێتە هۆی لێکجاکردنەوەیان، ئەم سیمای جیاکەرەوەش لەئەنجامی بوونی بەرانبەری دوانی لەنێوان فۆنیمەکان سەرهەڵدەدات. ترۆبتسکۆی ئەم بەرانبەری درێژکردەوە چەند بەرانبەریەک جیادەکاتەوە.

١- بەرانبەری سالیب: ئەوجۆرە لەسەر ئەوە بنیاد دەنرێت، کە سیفەتێک لەیەکێکیان هەیە و لەوی تریان نییە، ئەویش لەم جوتە سیمایانە پێکدێن [+گر] [- گر] [+لوتی] [- لوتی] «ئیسماعیل ٢٠١٣: ٣٣)

٢- بەرانبەری پلەپلەیی: ئەوجۆرەیان لەسەر ئەوە بنیادنانرێت، کە یەکێکیان سیفەتێکی تێدایە و لەوی تریاندا نییە، بەڵکو لەسەر پلەی ئەو سیفەتە هەمان خاسیەت لەهەردوو لادا هەیە، بەڵام بەپلەیەکی جیاواز بۆنمونە فۆنیمەکانی/ا/ لە وشەی «دارا) دا لە درێژیدا جیاوازن، کە فۆنیمی یەکەم هێزی لەسەر نییە، لە ناوەندێکی داخراودایە، کورتترە لە فۆنیمی دووەم، کە هێزی لەسەرە و لەناوەندێکی کراوەدایە. باری لێو و خڕبونەوەی فۆنیمی /و/ /ۆ/ دا هەیە، لە/و/ دا لێو زیاتر خڕدەبێتەوە وەک لە /ۆ/ واتا هەمان سیفەتیان هەیە، بەڵام یەکێکیان دەرکەوتووترە، یان زیاترە.

٣- بەرانبەری یەکسان لەم جۆرەدا هەردوو لا لەڕووی هێز و کاریگەری وەک یەکن. ئەم جۆرەش لەسەر بوونی سیمای تایبەت و نەبوونی لەوی تر بنیادنانرێت، وەکو ئەو دژانەی لەنێوان فۆنیمەکانی تردا هەیە، وەک لەنێوان /ف/ و /ح/ یان /ب/ و /چ/دا. «ئیسماعیل ٢٠١٨: ٣٤) کەواتە سیمای فۆنۆلۆژی بریتییە لەسەرجەم ئەو سیمایانەی فۆنیم پێکدەهێنن، ئەو سیمایانە بچوکترین یەکەی سەرەکین لەشیکردنەوەی فۆنۆلۆژیدا.

## سیمای فۆنۆلۆژی چەند ئەرکێکی هەیە.

«١- ئەرکی جوداکردن: جیاوازی لەنێوان گروپێک لە فۆنیم دەکات بەڕێگای بەکارهێنانی «(+)»)، کە ئاماژەن بۆ سیماکان.

٢- ئەرکی وەسفی: لەسەر ئاستی فۆنەتیکی پێویستە سیمای جیاکەرەوە هەر دەنگێک وەسفبکرێت. بۆنمونە /ب/ +لێو +گڕ+ تەقیو

٣- ئەرکی پۆلینکردن: ئەم ئەرکە دیاریکردنی دەستەی فۆنیمەکانە، تاکو ئەو فۆنیمانە دیاریبکات، کە لەڕەفتار وەکو یەکن لەڕێگای سیماکانەوە پۆلینبکرێت. بۆنمونە/ب/ +لێو +گڕ+ تەقیو /پ/ +لێو +کپ+ تەقیو) «عەبدوللا و عەلی ٢٠١٩: ٢١)

## ١-٦ فۆنیم و ئەلەفۆن

دەنگ کەرەستەی خاوی زمانە، دەنگەکانی زمانیش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەکاتی درکاندندا بە دوای یەکدادێن، ئەم دەنگانەش زۆرجار دەبن بەفۆنیم، هەر زمانێکیش ژمارەیەکی فۆنیمی دیاریکراوی خۆی بەکاردەهێنێت، لە نوسینیشدا هێمایی / / بۆ فۆنیم دانراوە. دەتوانین فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەهۆی جووتە وشەوە دەستنیشانبکرێت. بەواتایەکی تر «دەنگەکان بە

فۆنیم دادەنرێن لەو شوێنانەی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی واتایی لەنێوان دوو وشە). «فتاح ١٩٩٠: ٥٦)هەرچەندە چەندین پێناسە بۆفۆنیم کراوە، بەڵام ئەوەی لە هەموویان گونجاوترە، ئەو پێناسەیە: ««فۆنیم بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ)) «فتاح، ١٩٩٠، صفحة ٦٣) واتە فۆنیم ئەو دەنگانەن، کە لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا توانایی گۆرینی واتایان هەیە، ئەگەر توانای گۆڕینی واتاشیان نەبێت ئەوا نابێتە فۆنیم، بەڵکو دەبێتە ئەلەفۆن، کە شێوەی جیاوازەکانی فۆنیمێکن بەهۆی ژینگەی تایبەت و کاریگەری دەنگەکانی دەوروبەر دروستدەبێت. وەک لە وشەی ساڵ و صاڵ دا /س/ فۆنیمە، بەڵام [ص] ئەلەفۆنی /س/، چونکە نەیتوانیووە واتا بگۆڕێت. واتە دەتوانین بڵێین فۆنیم بریتییە لە کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوە هەر فۆنیمێک لەمانە چەند دەنگێکیان هەیە هیچیان لەیەکتری ناچن وەک /س/ لەزمانی کوردی چەند دەنگێک دەنوێنێ/فۆنیم/ دەنگ [س ~] ساڵ

[س] سیر کە هیچ یەک لەم دوو [س]ە شوێنی یەکتر ناگرن. «ئیسماعیل، ٢.١٣، صفحة ١)

شوێنی فۆنیم دەوردەبینێت لەجیاکردنەوەی واتای وشەکان. ئەرکی فۆنیم تەنها خۆی لە ئاڵوگۆری نابینێتەوە لەناو پێکهاتەی خۆیدا «بۆجیاکردنەوەی واتای وشەکان)، بەڵکو کاریگەری ڕیزبەندی و شوێنی لەسەرە لە پێکهاتەی زمانیدا، «شەڕ، ڕەش) دوو وشەی جیان، هەرچەندە فۆنیمەکان هەمان فۆنیمن، بەڵام ڕیزبەندی فۆنیمەکان جیاوازە.

فۆنیمەکان چەند جارێک لە وشەکاندا دوبارەدەبنەوە، بەڵام هەرجارەی بەجۆرێکی تایبەت دەدرکێندرێت دەشێت ئەم جۆرانە لە ڕووی بیستن و درکاندنەوە لەیەکتری نزیک نەبن.

بۆنمونە «باڵ، بیر، باب) ئەو/ب/ لەوشەی باڵدایە، جیاوازە لەو /ب/ لەوشەی بیر دایە ئەوەش نییە، کە لەکۆتای باب هاتووە. هۆکاری ئەم جیاوازیەش بۆئەو ژینگە جیاوازە دەگەڕێتەوە، کە دەنگەکانی تێکەوتوون. [ب] لەوشەی باڵ بەهۆی ئەو /ڵ/ی لە دوایدا هاتووە سیمای مەلاشوی پێبەخشیوە و وایکردووە جیابێتەوە لەوەی لە وشەی بیردایە، کە باسێکی ئاساییە، هەروەها جیایە لەکۆتای وشەی باب دایە، کە جۆرە تەوژمێکی هەوای لەگەڵدایە و تەقینەوەیک هەستپێدەکرێت. «ئیسماعیل٢.١٣: ٣٩) گۆڕان لەدەربرینی فۆنیمەکان لەشوێنی جیاواز پێی دەوترێت گۆڕانی فۆنۆلۆژی. «Andrew, Martin, David & Harald 2009:77) کەواتە ئەلۆفۆن ئەو کۆمەڵە دەنگانەن، کە فۆنیمێک دەیانگرێتە خۆی، یان فۆنیمێک دەینوێنێت بە ئەندامی ئەو فۆنیمە ناودەبرێت، یان بە ئەلەفۆنی ئەو فۆنیمە دادەنرێت.

ئەلەفۆنەکانی فۆنیمێکیش بەپێی چەند مەرجێک دیاریدەکرێن:

١- لێکچوونی دەنگی: مەبەست لە لێکچوونی دەنگی بابەتێکی نسبیە نەک ڕەها، چونکە ناکرێت بڵێین دەنگێک لە جۆرە دەنگێکی تر ناچێت، زۆرجار دوو دەنگ بەلای کەمەوە لە بارێکدا لەیەکدەچن درکاندن و سازگەیان یەک بێت، یان لەیەکەوە نزیک بن، وەک دەنگی [ت] و دەنگی [د] هەردووکیان هەمان سازگەیان هەیە. کەواتە بۆیان هەیە بە دوو ئەلەفۆنی هەمان فۆنیم دابنرێت، ئەگەر هاتوو لە حاڵەتێکدا واتا نەگۆڕێت وەک مهاباد_ مهابات.

٢- دابەشبوونی تەواوکەری: ئەلەفۆنەکانی یەک فۆنیم بەشێوەیەکی تەواوکەری دابەشدەبن، واتە ئەلەفۆنەکان بەسەر شوێنی دەرکەوتنیان دابەشدەبن، هیچ یەکێکیان لەشوێنی ئەویتریاندا دەرناکەوێت، گریمان فۆنیمێک سێ ئەلەفۆنی هەیە

شوێنی «سەرەتای وشە، ناوەڕاستی وشە، کۆتای وشـە) لە فۆنیمی[ب]یان دەرکەوتنی پێش ڤاوڵ، یان پێش کۆنسنانتێکی تر، یان کۆتای. ئەم دەنگانە لـەڕووی فۆنەتیکەوە جیـاوازن، بـەڵام لەوانەیە لەڕووی فۆنۆلۆژیەوە هاوتابن، یان یەک دەنگ بن. (Mustafa 2007:87»

باب [ب] ب١
دەبردرێت[ب] ب٢
بابتان [پ] ب٣

ئەگەر سـەیری ئـەو وشـانـەی سـەرەوە بکەین دەبینین کۆنسنانتی سێیەم لەو وشانەی سەرەوەدا دەنگی [ب]ە، بەهۆی ئەوەی لەهەر سێ وشەکاندا هەمان وێنایان هەیە، لەپێڕەوەی زماندا هەمان ئەرک دەبینێت، بـەڵام ئەگەر ئێمە لـەڕووی دركاندنەوە لێوردبینەوە، ئـەو کاتە لـەبـەرانـبـەر سـێ دەنـگ دەوەستن، کە جیاوازن و یەک دەنگ نین، بەمەش[ب] لە وشـەی یەکەم قـورس و هەناسەدارترە لەهی دووەم وەکو «ب)، بـەڵام لەوشەی سێیەم وەکو «پ) دەدرکێندرێت، کەواتە لەلایەنی مادییەوە ئێمە لەبەرانبەر «٣) دەنگی جیاوازی دەوەستین، کەچی لەڕووی هۆشەکییەوە»زەینی)، نابەرجەستەیی و ڕێنوسدا بەرانبەر یەک دەنگ دەوەستین.

(Harald David ،Martin ،Andrew 2009:77»

هۆی ئەوەیە دەبێت بەیەک دەنگ دابنرێن، چونکە لە ئەرکدا بەرانبەر یەک ناوەستن بەواتای ئەوەی جیاوازییە فۆنتاتیکییەکانی نێوان هیچ جیاوازییەک لەواتا ناهێنێتەکایەوە، دواتر ئەمانە ئەندامی یەک خێزانی دەنگین، لە بازنەیەک دەرناچن، بەڵام بەهۆی ئەو جیاوازییانە لـەوەوە دێنەکایە، کە لە ژینگەی دەنگی جیاواز، یان سیاقی جیاواز دەردەکـەون، ئەمەش دەکرێت لەمێشکی قسەکەرێکی کورددا بەم شێوەیەی خوارەوە ڕیزی بکەین.

ب= «ب١+ب٢+ب٣...) دابەشبونی تەواوکارانە بەهەمویان فۆنیمی ب دروستدەکەن.

بەمـەش «ب١+ب٢+ب٣ ) بـەشداریدەکـەن لە پرکردنەوەی ڕوخسارەکانی /ب/، چونکە هیچیان ناتوانن شوێنی ئەوی تر پربکاتەوە، بەڵام ئەوەی بەڵگەنەویستە ئـەوەیـە کـەوا ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنیمێک دەبێت لە بەشێک لە ڕوخساری فۆنیمەکە وەکو شوێن و شێوەی درکاندن بەشدارییبکات.

٣. ئەگەر ئەلەفۆنەکانی یەک فۆنیم بەشێوەیەکی تـەواوکـەری دابەشنەبوون دەشێت هـەمـوو، یان هەندێکیان لەباری ئـازاد دابـن، گۆڕانی ئازادیش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەلەفۆنێک شوێنی ئەلەفۆنێکی تری سەر بەهەمان فۆنیم بگرێت. «فتاح ١٩٩:. ٦)

بۆنمونە /س/ مەڵاشوێنراو← سەهۆڵ
/س/ ئاسایی ← سەر یان بەهۆی هاوسێیەتییەوە لەگەڵ دەنگێکی قەڵەوی تەواو.
/س ~ /← سڕ.

کاتێک لـەدەنـگـە بـەسـتـراوەکـانـدا بەشێوەیەک دەتوانرێت تەوژمی هەوایی لەگەڵدابێت، یان لەگەڵیدا نەبێت وەک لـە هـات «بـەسـتـراو) بێتـەوژم هات «تەقێنراو) تەوژمی هەوای لەگەڵدایە. «ئیسماعیل، ٢٠١٣: ٤٦)

## ١. ٧. فۆنیمەکانی زمانی کوردی

فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەسەر فۆنیمە کەرتییەکان و فۆنیمە ناکەرتییەکان دابەشدەبن.

فۆنیمە کەرتییەکان ڤاوڵەکان و کۆنسوونانتەکان دەگرێتەوە:

١. ڤاوڵەکان: ئەو دەنگانەن، کە لەکاتی درکاندنیاندا هەوا بە ئارەزووی خۆی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە و هیچ تەگەرەیەک ناکەوێتە ڕێگایان، واتە لەکاتی دروستکردنی ڤاوڵەکاندا هیچ بەشێکی زار بە هیچ بەشێکی تر ناکەوێت. «ئەمین ٢..٤: ٥٢)ڤاولەکانی زمانی کوردی ژمارەیان هەشت ڤاوڵە «و، وو، ۆ، ا،

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕیز | | | | |
| پشتەوەی زمان | ناوەڕاستی زمان | پێشەوەی زمان | | |
| وو u | آ بزرۆکە و u | i ی | بەرز | ڕادەی بەرزی و نزمی |
| O ۆ | | e ێ | ناوەڕاست | |
| | ە | | ناوەڕاست | |
| aI | | | بەرز | |

بۆئەم خشتەیە سود لە نامەی دکتۆرای «سەلوا، ٢٠١٧، صفحة ١٢) وەرگیراوە

ە، ی، ێ، بزرۆکە)

٢ ـ کۆنسـوونـانـت: ئـەو دەنـگـانـەن لـەکاتی درکاندنیاندا هەوا لەسییەکانەوە دێتە دەرەوە جۆرە تەگەرەیەک، یان داخستن و کرانەوە دەخرێتە بەر تەزووی هەناسەوە. «Andrew 2009:4، Mar- tin، David Harald) واتە لە هەندێ جێگادا هەواکە ڕێگەی لێدەگیرێت و بـەئـارەزووی خـۆی بـەرەو دەرەوە ناڕوات. بۆنمونە دەنگە ژێیەکانی ناو قورگ. مەلاشوی نـەرم، لێو... هتد تەگەرە دەخەنە پێش ئەو هەوایەی، کە ئەو دەنگانەی پێدروستدەکرێت، کەواتە دەتوانین بڵێین کۆنسوونانت ئەو دەنگانەی ئاخاوتنن، کە لەئەنجامی تـەگـەرە خستنە پێش ڕێڕەوی ئەو هەوایەی، لەسییەکانەوە دەردەچێت لەئەنجامی خاڵێکی دیاریکراودا لەسەر زمانە بچکۆلە بەرهەمدەهێنرێت.

سـەبـارەت بـەژمـارەی کۆنسنانتەکانی زمانی کوردی ڕێککەوتنێکی تەواو لای زمانەوانەکان نییە، لەنێوان «٢٥ـ ٢٨) کۆنسنانتە، ئەمانەن» ب،پ، ڤ، ف، م، و، د، ت، ز، س، ن، ل، ر، ڕ، ج، چ، ژ، ش، ڵ، ی، گ، ک، غ، خ، ق، ح، ە، ع)، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کۆنسنانتەکانی زمانی کـوردی «٢٥) کۆنسنانتە، چونکە بەشێوەیەکی فۆنەتیکی لەڕێگەی ئەرکەوە «٢٥) کۆنسنانت لەڕووی ئەرکەوە جیادەکرێتەوە. کۆنسنانتەکان دەبن بەدوو بەش. بەشێکیان گرن دەنـگـە ژێـکـان لـەکـاتی گۆکـردنـیـان دەلـەرنــەوە، بەشێکیان کپن دەنگە ژێکان نالەرنەوە. بەلەرینەوەی دەنگە ژێکان دەوترێت زرینگانەوە.

دەنگە کۆنسونانتەکان بەم شێوەیە وەسفدەکرێن:

١ـ ژێداری «گڕی و هەناسەداری): گڕی لە دەنگە کۆنسونانتەکاندا بە ڕێکوڕوونی بەشێوەی [voice +⁻ ] نیشـانـدراوە دەنـگـی گــڕە[voice+⁻] ئەگەر بەڕێکوپێکی و بەئاسانی دەنگەژێکانی بلەرنەوە ئەگەرنا دەنگییەکە[+کپە]. بۆنمونە [پ] [+کپ] لەبەرانبەردا [ب] [+گڕ]

٢ـ سازگەی درکاندن: سازگەی دەنگ، یان شوێنی دروستبوونی دەنـگ یەکێکە لـەو پـێـوەرانـەی بۆ پۆلکردنی دەنگەکانی کۆنسنانتەکان بەکاردەهێنرێت، ئـامـاژە بـە شـوێـنی دەرچـوونـی دەنـگ دەکـات بە گوێرەی ئەندامی دەنگەوە دەنگەکانیش بەپێی سیمای جیاکەرەوە، یان بەپێی سازگەکان دابەشدەکرێن بۆ چەند گروپێک:-١دەنگی لێوی ٢ـلێوی ددان ٣ـددانی ٤ـپووکی ددانی ٥ـ دەنگی مەلاشووی ڕەق ٦ـ دەنگی مەلاشووی نەرم ٧ـ دەنگی کۆتایی مەلاشووی نەرم ٨ دەنگی گەروویی ٩ـ دەنگی قورگی «عەلی ت،، ٢٠١٥، الصفحات ٣٩–٤٠)

٣ـ چۆنیەتی درکـانـدنـی دەنـگـەکـان: چۆنیەتی درکـانـدن یەکێکە لـەو پـێـوەرانـەی بۆ پۆلکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن بەکاردەهێنرێت. ئەم پێوەرەش

ئاماژە بە باری ڕێڕەوی هەوا دەدات، ئەو گۆڕانانەی، کە لەو ڕێڕەوە ڕوودەدات لە کاتی بوونی تەگەرەوە بەربەست لەپێش دەرچوونی هـەوا، یان بەستنی ڕێگایە، کە بەتەواوی، یان بە شێوەیەکی ناتەواوی، یان هەر لادانێک و لاربوونەوەیەک کە ببێتە مایەی دەرچوونی هەوا لە تەنیشتەکانی دەمـەوە. دەنگە کۆنسوونانتەکان بەگوێرەی چۆنییەتی درکاندنیان بەم شێوەیە پۆلدەکرێت:-

دەنگی «تەقیو، یان وەستاو، خشۆک، لووتی، تێکەڵاو، لایی، دووبارەکراو، خلیسکاو، چەماوە) «عەلی . ت ٢٠١٥: ٤٥)

جگـە لــەم سـیـمـایانـە هـەنـدێـک لـە دەنـگـە کۆنسوونانتەکان خاوەنی چەند سیمایەکی ترن:

١. پفداری: فشارەکی زیاتری هەوایە لەئەنجامی دەرچونی لە ڕادەبــەدەری لەکاتی بەرهەمهێنانی دەنگە کۆنسوونانتەکان، ئەو سیمایە لە کۆنسوونانتی تەقیوی کپدا زیاتر دەردەکـەون. لەهەندێ زمانان لە کۆنسوونانتی تەقیوی گریشدا دەردەکەوێت. لە زمانی کوردیدا تەقیوی کپ پفدارن بەشێوەی [pʰ]، [tʰ]، [kʰ] دەنوسرێت. بۆنمونە پەر

٢. گـرچـووی: لـەنـاوچـونـی سـیمـای گـری لە کۆنسوونانتی گردا بە گرچووی دادەنرێت لەناوچونی سیمای گری نابێت، ئەگەر کۆنسوونانتەکە تەقیوی گرچووی بوو. بۆ نمونە [b] لەگەڵ کپەکەی [p] ببنەیەک، چونکە هەریەکەیان جگە لە سیمای گری و کپی خاوەنی چەند سیمایەکی دیکەنە لەوانە ئەگەر سیمای گری و کپیش لەناوبچن ئەو سیمایەی تر ڕۆڵی جیاکردنەوە دەبینێت. بۆنمونە لە کۆنسوونانتی گردا[b] سیمای نەرمی و کۆنسوونانتی کپی [ p] سیمای توندی هەیە لەکاتی گرچون ئەم کۆنسوونانتە گرە گۆری بە [b] ئەو ڕۆڵە جیاکردنەوە بە نەرمی و توندی دەکریت. بۆنمونە باب- باپ

٣. بـرگـەبـوون: سیـمـای بـرگـەبـوون بریتییە لەهەبوونی سیمای ڤاوڵی کۆنسوونانتی، کە سیمای برگەبوون هەبوو، دەتوانێت وەک ڤاوڵێک برگە پێکبهێنێت. لەزمانی ئینگلیزیدا کۆنسوونانتی[n,m,r,l] هەڵگری سیمای بەبرگەبوونن. لە زمانی کوردی دیالێکتی ناوەڕاست سیمای برگەبوونمان نییە.

٤. لێویبوون: سیمای لێویبوون خڕبوونەوەی لـێـوەکـان پـیـشـانـدەدات، کـە هـەنـدێـکـجـار هاتنە پێشەوەی لێوەکانیشە. بۆنمونە خواردن [xʷarɨn]، کوین[kʷin] ، چوار[tʃʷar]

٥. مـەڵاشـوی: سـیـمـای مـەڵاشـووی هەندێک بـەرزبـونـی بـەشـی پـێـشـەوەی زمـان بـۆ مەڵاشو دەبێت لەکاتی بەرهەمهێنانی ئەو کۆنسوونانتە، کە شوێنیان مـەڵاشـوونـەبـێـت، پێشی زمـان بۆ مەڵاشوو بەرزدەبێتەوە دەوترێت ئەم کۆنسوونانتە بەمەڵاشووی بووە. وەک چ، ش

٦. مـەلاشـوی نـەرم: سیمای مـەڵاشـووی نەرم بەرزبونی بەشی پاشەوەی زمان بۆ مەڵاشووی نەرم دەبێت لەکاتی بەرهەمهێنانی ئەو کۆنسوونانتە، کە شوێنیان مەلاشووی نەرم نەبێت، پاشی زمان بۆ مەلاشووی نـەرم بەرزدەبێتەوە دەوتـرێ ئەم کۆنسوونانتە بەمەڵاشووی نەرمی بووە. «عەلی و عەبدوللا، ٢٠١٩:١٤١- ١٤٥)

## ٢. پێکهاتـەی برگـە بـەپێی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان

### ١.٢ برگە و ڕۆنانی برگە

لـە بـەشـی یـەکـەمـدا ڤـاوڵ و کۆنسنانتەکانی زمانی کوردیمان دەستنیشانکرد، قسەپێکەری زمان دەتوانێت بریاربدات ئایا دەنگی دیاریکراو ڤاوڵە، یان کۆنسنانتە؟ برگە ڕاستییەکی فۆنیمییە،

لەلای قسەپێکەرانی زمان ڕوونە، یەکەیەکی زۆر گرنگە. ««زۆربەی خەڵک باوەڕیان وایە، ئەگەر نەتوانن بزانن برگە چییە، دەتوانن بزانن چەند برگە لە یەکێک وشە، یان ڕستەدا هەیە. ئەمەش بەدەستنیشانکردنی ڤاوڵەکان لەڕیتمی قسەکردندا دەبێت.)) «Roach٢...: ٧) برگە ئەو زانیارییانە دەستنیشاندەکات، کە دەچێتە خانەی بەئاگایی قسەپێکەران. وشەکانی بەشێوەیەک ڕاست و بەپێی تایبەتمەندیە فۆنتاکتیکییەکانی زمان بەسەر برگەکان دابەشدەبن. چۆنیەتی پێکەوەهاتنی ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان لە چوارچێوەی برگە پێی دەوترێت فۆنتاکتک. «Peter 2000:71) واتە ئەو یاسایانەی کە ڕێزبونی دەنگەکان لە چوارچێوەی برگەیەک، یان وشەیەکدا دیاریدەکەن. «فتاح١٩٩:. ٧٦) لە زمانی کوردی ڤاوڵ برگە پێکدەهێنێت ئەمە یاسای فۆنتاکتی کوردییە.

پێناسەکردنی برگە کارێکی هەروا ئاسان و بێکێشە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی زۆری بۆکراوە، بەڵام هەندێکجار پێناسەکان تەنیا یەک ڕوی بابەتەکە وەردەگرن، یان بەشێوەیەکی گشتی لێیدەکۆڵرێتەوە )پیتەر ڕۆچ» پێیوایە، برگە سیێتیک یەکەی دەنگی زۆر گرنگە، لە دەنگی ڤاوڵ و کۆنسنانت پێکدێن، لەسەر بنەمای ڕێگری لە هەواوکراوەیی ئەندامەکانی ئاخاوتن جیادەکرێنەوە، ئەگەر هەوا بەئازادی بڕوا، ئەوا زیاتر بەرزدەبێتەوە، ڕێژەی دەرچونی هەوا لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان بەڕێککەوت و بەبێ یاسا ناچنە پاڵ یەکتری، بەڵکو لە کاتی چونەپاڵ یەکتری پەیرەوی چەند مۆدێلێکی تایبەت دەکەن و یەکەی گەورەتر لەخۆیان دروستدەکەن، مەبەست لەنواندنی فۆنۆلۆژی نواندنی فۆنیمەکانی زمانە لەداڕشتنی یەکەی گەورەتر وەک مۆرفیم و وشە. «Peter 2000:71) کریستاڵ برگە بەوە پێناسەدەکات، )یەکەیەکی قسەیە، کە زۆرجار لە دەنگێک گەورەترە و لە وشەیەکی تەواو بچووکترە. «David 2008:467)

کاتامباش پێیوایە «پێکهاتەی برگە لەڕێگای کەرتە دەنگییەکانی زمانەوە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان بە هەردووکیان برگە پێکدێنن ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانن برگە دروستناکەن، بەڵکو دەسەڵاتی ڤاوڵە برگە دروستبکات.)

«Katamba2989:158) هەرچەندە زمانەوانان لەپێناسەکردنی برگە جیاوازن، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی گونجاوترین پێناسەی برگە بریتییە لەکۆمەڵە دەنگێک، کە بەیەک تەوژم لەدەم دێتەدەرەوە. «فتاح: ١٩٩٠: ٧٥) هەرچۆنێک بێت ئەو پێناسەیەی کە بەشێوەیەکی گشتی لە لای زۆرێک لە زمانەوانان پەسەند دەکرێت، بەڵام هێشتا هەموو زمانەوانان هاوڕانین، لەوانە ) کۆستۆڤیچ» وا دادەنێت، کە برگە دەنگ نییە، بەڵکو یەکەیەکی ئەبستراکتە، کە هاوتای دەنگی جیاواز نییە و بنیادنانی لە زمانە جیاوازەکان وەکیەک نییە، هەروەها پێیوایە، لە تیۆرە جیاوازەکان و بە شێوەی جیاجیا باسکراوە، بەڵام ئەو شتەی لەنێوان هەموان هاوبەشە و قەناعەت پێکەرە، ناوک هێز و گیانی ڕۆنانی برگەیە. ":Kenstowicz 1994 250–253) کەواتە هاوبەشی گشتی لەسەر بوونی ناوک وەک ڕوحی برگە، کارئاسانی دەکات بۆ لێکنزیکبوونەوەی تێڕوانینەکان.

چۆمسکی و هال دەنگەکانی ئاخاوتن بۆ دوو جۆر دابەشدەکەن: یەکەم ئەو دەنگانە دەگرێتەوە هەموویان تایبەتمەندییەکی]+ برگەیی[یان هەیە، دەتوانن شوێنی ناوکی برگەکە بگرن. جۆری دووەم هەموو دەنگەکانی دیکەی زمان دەگرێتەوە، کە بە]

بڕگەیی] تەنیا دەکرێت لە پەراوێزی بڕگەکە دابنرێن، واتە نابنە ناوکی بڕگە. «Chomsky & Hal-le1968: 354-355) بەمشێوەیە ڕۆنانی بڕگە لە تێکەڵەیەک لە ڤاوڵ "V)و کۆنسنانت»C) پێکهاتووە. هەرچۆنێک بێت، تێکەڵبوونی ڤاوڵ وکۆنسنانت، بۆ پێکهێنانی یەکەی پێکهاتەیی گەورەتر بە ڕێککەوت ئەنجامنادرێت، بەڵکو بەدوای فەرمانێکی دیاریکراودا دێت و ئەو یەکانەی بەمشێوەیە دروستدەکرێن، پێکهاتە و دابەشکردنی ناوخۆیی خۆیان هەیە، بەپێی یاساکانی خۆیان، پێکهاتەی ناوەکی بڕگەکە لەدوو بەشی پێکدێت: سەرەتای "O) و ناوەڕاستی "R)؛ ناوەڕاستیش لە دوو بەش پێکهاتووە، ناوکی "nuc) و کۆتا «cod). «Andrew 2009: 79، Martin، David ، Harald)

پێکهاتەی بڕگە لە زمانەکان وەک یەک نییە سادەترین بڕگە لە زمانی کوردیدا لە ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک پێکدێت، بەڵام لەزمانی ئینگلیزی ««تەنها لەیەک ڤاوڵ پێکدێت)). «Peter 2000: 70) لە زمانی کوردیدا وشە بە ڤاوڵ دەستپێناکات، هەرگیز دوو ڤاوڵ لە تەکیەکدا نایەن، ئەگەر دوو ڤاوڵیش بەدوای یەکدابێن ئەوا ڤاوڵێک بەهۆی کاریگەری ڤاوڵەکەی ترەوە لەناو دەچێت، یان نیمچە ڤاوڵێک لە نێوانیان دێت. بە شێوەیەکی گشتی ڤاوڵەکان لەڕووی درکاندنەوە هەمیشە گڕن، ڤاوڵەکان لە زمانی کوردی دەبنە هەوێنی پێکهێنانی بڕگە، بەڵام بە تەنها ناتوانن بڕگە پێکبهێنن، بەڵکو پێویستیان بەهاوکاری کۆنسنانتەکانە بۆدروستکردنی بڕگە. واتە بڕگە بە بێڤاوڵ نابێت، لە هەر بڕگەیەکدا دەبێت ڤاوڵێک هەبێت. ئەم ڤاوڵە هێزی بڕگە وەردەگرێت. ژمارەی بڕگەکانی هەر وشەیەکیش پەیوەستە بە ژمارەی ڤاوڵەکان، واتە چەند ڤاوڵمان لە وشەیەکدا هەبێت ئەوەندە بڕگەمان دەبێت. دەستنیشانکردنی بڕگە پەیوەندی بەواتاوە نییە.

## ٢-٢ جۆرەکانی بڕگە


پێکهاتەی بڕگە لەفۆنۆلۆژیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، کاریگەری لەسەر ڕیتم و شێوازی فشار و درکاندنی وشە و دەستەواژەکان هەیە. ئەو وشانەی ڤاوڵەکانیان زیاترە زیاتر بەهێواشی دەدرکێن لەچاو ئەو وشانەی ڤاوڵیان کەمترە.

هەندێ لە زمانەوانەکان وەک «عبدالله حسین) پێیانوایە، کە بڕگە بە تەنیا لەیەک ڤاوڵ پێکدێت و بڕگە بە ڤاوڵ دەستپێدەکات. ئەگەر لە زمانی کوردیدا قاڵبی ئەم جۆرە بڕگانە "V, VC, VCC) هەبن، ئەوا ئەگەر چەقی بڕگەکە ڤاوڵ»V) یکی کورتبوو، ئەوا گۆڕانکاری بەسەر ژمارەی قاڵبەکانی بڕگە و جێکەوتەکانیشیدا دێت. واتە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگە بۆش دەبێت، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین، کە بڕگە بەم شێوەیەی سەرەوە دروستبێت، بەڵکو بڕگە لە زمانی کوردی لە ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک، یان زیاتر دروستدەبێت. ئەگەر بڕگەکە تەنها ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک بوو ئەوا بڕگەکە بەبڕگەی کورت دادەنرێن، ڤاوڵە کورتەکان دەبنە هەوێنی دروستبوونی بڕگەی کورت «خۆشناو ٢.١٣: ٤٨)، چونکە کەمترین وزە و کات بۆ دەربڕینی ئەم جۆرە بڕگانە پێویستە. بڕگە کورتەکانیش ئەمانەن )وە، کو، چi ، کی). ڤاوڵە درێژەکانیش دەبنە هەوێنی دروستبوونی بڕگەی درێژ. بڕگەی درێژیش ئەم جۆرە بڕگەیە هەموو یاساکانی پێکهێنانی بڕگە دەگرێتەوە، ««ڕێژەی کرانەوەی دەم لە دەنگێکەوە بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێت)). «ڕەسول٢.٤٠..٢: ٤) بۆیە بڕگە درێژەکان بەوە دەناسێتەوە، کە پیتە ڤاوڵەکانی لە بێژانا درێژبن)ا، ۆ، ێ، وو) بە ڤاوڵی درێژ دادەنێت. هەندێک لە زمانەوانان بڕگە لەڕووێکی

تـرەوە دابـەشـدەکـەن، کـە جـوڵـەی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەکەنە بنەمای جیاکردنەوەی جۆرەکانی برگە، لەبەرئەوەی برگە بە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەردەبــڕدرێــت، کـەواتـە داخـــراوی و کـراوەیـی ئۆرگانەکانی بەرپرس لە دەربڕینی برگەکانی دەبنە بنەمایی جیاکاری و دابەشبوونیان، بەتایبەت لە ڕوانگەی داخراویی و کراوەیی دەم)زار»، بەسەر دوو جۆردا دابەشدەکرێن. یەکەم/ برگەی کراو :ئەو برگەیەی، کە کۆتاییەکەی ڤاوڵە، واتە»CV, CCV) ، کە لەکاتی دەربڕیندا دەم بە کراوەیی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڤاولەکان بەپێی تایبەتمەندی فۆنیمی خۆیان لە هەندێکیاندا ئەم کراوەییە زیاتر هەست پێدەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە، هێز لەسەر برگەی کۆتایی بەرجەستە دەکرێت و برگەکان وەکیـەک لـەڕووی فۆنەتیکییەوە دەرنـابڕدرێـن. «Chomsky and Halle 1968:18»




دووەم/ برگەی داخراو :ئەو برگانە دەگرێتەوە، کە کۆتاییەکەیان بە دەنگی ڤاول نەهاتووە، یان بە جۆرێکی تر ئەو برگانەن بە دەنگی کۆنسنانت کۆتاییان پێدێت و ئەندامەکانی ئاخاوتن بەرەو داخـران دەڕۆن. نمونە: [شـار] [کـورد][چـوار][خـوارد]. برگەی داخراو بەهۆی چوار قاڵبە برگە دروستدەبن، کە ”CVC, CVCC, CCVC, CCVCC) هەریەکەیان دەتوانن برگەی داخـراو پێکبهێنن، برگەی داخراو واتە لەکاتی کۆتایی هاتنی دەربڕیندا دەم دادەخرێت، بۆیە بە برگەی داخراو ناونراوە.





زمـانـی کـوردی هــەردوو جـۆر بـرگـەی هەیە، جۆری برگە پەیوەندی بە مۆسیقای زمانەوە هەیە، ئەو زمانانەیە برگەی قورسیان زۆرە بەلای گوێگر مۆسیقی نین، بە پێچەوانەشەوە ئەو زمانانەیە برگەکانی بەزۆری کراوەن، واتە بەڤاوڵ کۆتاییان دێت لای گوێگر زمانێکی مۆسیقین. زمانی ئینگلیزی لەم نێوانەدایە زمانی کوردیش زۆری برگەکانی کـراوەن و بـرگـەی قـورسـی کـەمـە، چونکە زۆر بەکەمی ڕێگە بە هێشوە کۆنسنانت دەدات. «فتاح، ١٩٩٠، صفحة ٧٧)

## ٣.٢–قاڵبەکانی برگە

زمانە جیاوازەکان خاوەنی قاڵبی برگەی جیاوازن، ئەگەر چی لێکچون لەنێوان قاڵبی برگەی زمانەکاندا هەیە. سادەترین قاڵبی برگە لەو زمانانەیە جێکەوتەی سەرەتای برگەیان بەتاڵ نییە بریتییە لە کۆنسنانت و ڤاوڵێک. دیاریکردنی قاڵبەکانی برگە بەپێی فۆنۆلۆژی کلاسیک ئەو قاڵبانەی تاکو ئێستا بۆ زمانی کوردی دارێژراوە شەش قاڵبە، بەڵام لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان کورت و درێژی ڤاوڵەکان هەوێنی دارشتنی قاڵبەکانی برگەن. واتە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان قاڵبەکان بەپێی کورت و درێژی ڤاوڵەکان قاڵبەکانی برگە دەگۆڕێن، ڤاوڵە کورتەکان «ە، بزرۆکە، ی، و) بەشداری برگە کورت دەکەن. ڤاوڵە درێژەکانیش»ا، وو، ێ، ۆ) بەشداری

قاڵبی بڕگەی درێژ دەکەن. قاڵبەکانی بڕگە لە زمانی کوردی بەپێی فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان ئەمانەن:

١. Cv دە





٢. Cv:

یا


C v:

ب ا


٣. Cvc شەڕ





٤. Cv:c شار





٥. Cvcc دەرد





٦. Cv:cc سارد





٧. Ccv دیە، وشە






٨ Ccv: گیا





٩. Ccvc ستەم، زویر





١١. Ccv:c چوار




١٢. Ccv:cc خوارد




## ٢-٤ سنورداریتی

سنورداریتی یەکێکە لەو زاراوانـەی بە واتای دیاریکردنی سنور بۆ شتێک بەکاردێت، بەپێی بنەمای دەستـوری زمانـە جیـاوازەکانی جیهان بەشێکی مەرجدارە و یاسا و بنەمای خۆی هەیە، کە تەواوی سنورداریتیەکانی زمانەکان دەگریتەخۆ، تەنیا جیـاوازی سیستماتیک لە نێوان زمانەکان لە پلەبەندی سنورداریتی هەیە، ئەمە لە تیۆری بەرهەمهێنان بەلادان لە سیستەم دادەنرێت. «قوامی، نظریه بهینگی: مـروری بر پیشینه و سـازوکار» خان ١٣٨٩: ٣)

سنورداێتی لەهەموو زمانێکدا لەهەموو ئاستەکانی زماندا هەیە. لەسەر کارلێکە فۆنۆلۆژییەکان ئاماژە بۆ ئـەو بنەما وریسایانە دەکـەن، کە ڕەفتار و سنوردارکردنی نەخشە دەنگییەکان لەناو زمانێکی دیاریکراودا بەڕێوەدەبەن.


ئەم سنوردارکردنانە ڕۆڵێکی گرنگ لە دارشتنی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی وشەکان و دیاریکردنی چۆنیەتی کارلێککردنی دەنگەکان لەگەڵ یەکتردا دەگێڕن. ئاستی دەنگ یەکێکە لەو ئاستانەی سنورداریتی تێدا بەدیدەکرێت، پەسەندکردنی دەنگی بەرز بۆئەوەی بـەرەو ناوەراستی برگەیەک، کە بەرزترین پلەی دەنگە زیادبکات و بەرەو لێوارەکان کەمبێتەوە. ئەم سنوردارکردنە ئـەوە ڕوندەکاتەوە، بۆچی دەنگە دەنگدارەکان وەک ڤاوڵ و نزیکەکانی مەیلیان هەیە چەقی برگە داگیربکەن، لەکاتێکدا ڕێگریکارەکانی وەک وەستان و خۆلێدان لە پەراوێزی ڤاوڵەکاندا دەبینرێن.

## ٢-٥ سنورداریەتی برگە

هـەر زمـانـێک بـەجـۆرێک سـنـوری برگە دیاریدەکات، جۆرێکی برگە پەسەنددەکات بەسەر جۆرەکانی تردا، سنوری برگە تەنانەت لەنێو هەمان زمانیشدا بەپێی شێوازەکەی دەگۆرێت، هەر بۆیە بۆ دیاریکردنی سنوری برگە دەبێت لە زمانێکی دیاریکراودا بدوێین. «فتاح، ١٩٩:. ٧٥)

قسەپێکەرانی ڕەسـەنی زمانەکە زانیاریان لە

بارەی برگەوە هەیە لەکاتی بەرهەمهێنانی وشە زۆرترین ژمارەی جێکەوتە لە ڕۆنانی برگە سێ جێکەوتەیە. هەر سێ جێکەوتەکەش خاوەنی سنورداریەتی جیاوازن. واتە جۆر و ژمارەی ئەو کەرەستانەی لەم جێکەوتانە دەردەکەون جیاوازن و سنوردارن. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا برگە لە ئەنجامی چونە پاڵیەکی ڤاوڵێک و کۆنسنانتێک، یان چەند کۆنسناتێک دروستدەبێت. لە ڕۆنانی هەر برگەیەکدا ژمارەیەک هیما هەیە. سەرەتا «O) ئاوازە «R) لوتکەی ئاوازە»N)، هەروەها کۆتا «Co) هەریەکە لەو چاڵانە دەتوانرێت وەک چاڵێکی بەتاڵ، یان کەرتی دەنگی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەوەی لە برگەدا زۆر گرنگە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە لوتکەی ئاوازەیە، کە زرینگانەوە و لەرینەوەی کەرتە دەنگییەکان دەستنیشاندەکات. «Andrew ،Harald ،David ،Radford 2009) «Andrew 2009: 82)




لە جێکەوتەی سەرەتای برگە زمانەکان وەکیەکنین بەپێی یاسا تایبەتەکانی زمانەکان دەگۆڕێن. زمانی کوردی تەنها کۆنسنانتەکان دەتوانن لە جێکەوتەی سەرەتای برگە دابن. واتە زمانی کوردی دەچێتە خانەی ئەو زمانانەی جێکەوتەی سەرەتای برگەیان بەلای کەم بە کۆنسناتیک پڕ دەکرێتەوە. هەرچەندە هەندێک زمانی تر هەن، کە جێکەوتەی سەرەتای برگەیان بەتاڵە وەک زمانی ئینگلیزی، چونکە لەو زمانانەدا تەنها ڤاوڵێک دەتوانی برگە دروستبکات، یان لەبرگەیەکدا زیاتر لە ڤاوڵێکی تێدا بێت. «Pe-ter 2000: 70-71)

سنورداریەتی کرۆکی برگە ئەوەیە هەمیشە بە ڤاوڵێک پردەکرێتەوە، بەڵام دەرکەوتەی ڤاوڵەکان لەزمانەکاندا جیاوازە لەزمانی کوردیدا دەکرێ زیاتر لە کۆنسنانتێک بێت، بەڵام تەنها یەک ڤاوڵ دێت و دەبێتە کرۆکی برگە لە زمانی ئینگلیزی زیاتر لە دوو کۆنسنانت دێت، کە بە هێشووە کۆنسنانت دادەنرێت. هەرچەندە لە زمانی ئینگلیزی هێشووە ڤاوڵیشمان هەیە، بەڵام لە زمانی کوردی هێشووە ڤاوڵمان نییە.

## ٢-٥ بنەماکانی دەستنیشانکردنی برگە

چەند بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی برگە لە زماندا هەیە:

١. بنەمای زۆرترین دەستپێکردن «ئەم بنەمایە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕۆنانی برگە و دیاریکردنی چۆنیەتی دابەشبوونی فۆنیمەکان بەسەر برگەکان و پڕکردنەوەی جێکەوتەی سەرەتای برگە، کە بە چ دەنگێک دەبێت. زمان بەپێی ئاخاوتنی مرۆڤ و تیۆری ئابوریکردن بەرەو ئاسانی دەڕوات، بەڵام ڕێگەیان پێدەدەن لە شوێنی دەستپێکردن و کۆتادا بەپێی ڕێککەوتن جێکەوتەکان پڕبکرێنەوە، یان بۆشبن

“Vennemann 2988:31-7)

واتە ئەم بنەمایە بەواتای پەیوەستکردنی ڤاوڵ بە برگەوە دێت. لەبەرئەوەی ڤاوڵ کرۆکی برگەیە یەکەمجار ڤاوڵ پەیوەست دەکەین بەبرگەوە بەپێی ئەم بنەمایە دوای هەموو ڤاوڵێک سنوری برگە دێت، ئەگەر دوای ڤاوڵ کۆنسنانت نەبوو، واتە برگە

کراوەیە ئەگەر کۆنسنانت هەبوو دەچێتە هەنگاوی دووەم
«Harald، David ،Martin ،Andrew 2009:81-82)

٢. بنەمای کۆنتۆری ناچاری: «ئەم بنەمایە وادادەنێت، بەشەکانی تەنیشت یەکتر ناتوانن لە هەندێک تایبەتمەندیدا یەکسان بن. واتە دوو دەنگی تەنیشت یەکتر هەمان هارمۆنی و بەرزبوونەوە و نزمبونەوەیان هەبێت، ئەم سنوردارکردنە هۆکاری دیاردەکانی جیابوونەوەیە، یان گونجان، کە دەنگە هاوشێوەکان زیاتر جیاوازدەبن بۆئەوەی دووبارەنەبنەوە. ئەم بنەمایە بەدوو قۆناغ جێبەجێدەکرێت سەرەتا پێویستە ژمارە ڕێگەپێدراوەکەی سەرەتای برگە یەک کۆنسنانت پەیوەست بکەین بە سەرەتای برگەوە، لەکۆتای هەر کۆنسنانتێک مایەوە پەیوەستی دەکەین بە کۆتای برگەوە. بۆنمونە لە هەندێک زماندا دوو ڤاولی تەنیشت یەکتر ناتوانن یەک تۆنیان هەبێت. واتە ناتوانن دوو ڤاوڵ پێکەوەبێن). «John 1976:6-9)

٣. بنەمای کۆتایی بێیاسا: «زمانەکان مەیلیان هەیە بۆ دورکەوتنەوە لە هەندێک پێکهاتەی دەنگی، یان زنجیرەیەک، کە لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە بە نیشانەدار، یان ناپێویست دادەنرێت ". بۆنمونە لە هەندێک زماندا ڕەنگە یاسایەک هەبێت، دوو دەنگ لە برگەیەکدا قەدەغە بکات. ئەم بنەمایە پێشبینی دەکات، ئەگەر ڕەگی وشەیەک بە ڤاوڵێکی دیاریکراو کۆتایی پێبێت و ئەم پاشگرییەی خوارەوە بە هەمان ڤاوڵێک دەستپێبکات، دەنگێکی زیادە، یان ڕێکخستنێک دەخرێتە ناوەوە، بۆئەوەی قەدەغەکردنەکە پێشێلنەکرێت. ئەمەش لە وشەی «گۆزە) کاتێک نیشانەی ناسراوی «ەکە) دەچێتە سەر لەئەنجامدا « گۆزەکە « بەرهەمدێت .ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی هەندێک پێکهاتەی دەنگ لە زمانەکاندا دەگمەنن، یان هەرنین و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو بنەمایانەی، کە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی ئەنجامی دەدەن. بەواتایەکی تر دوای پەیرەوکردنی هەردوو بنەمای یەکەم و دووەم کۆنسناتی ماوە بەپێی بنەمای سێیەم وەک کۆتایی برگە هەژماردەکرێت و دەلکێت بە کۆتای برگەوە. ئەم بنەمایانە لە زمانی کوردیدا بەکاردێن. بۆنمونە دۆ کاتێک مۆرفیمی ناسراوی بچێتە سەری دەبێتە_ دۆیەکە


## ٢-٥ گۆڕانی سنوری برگە


لە ئەنجامی چوونە پاڵیەکی مۆرفیمەکان سنوری برگە گۆڕانکای بەسەر دادێت ژمارەی مۆرفیمەکە و ژمارەی برگەکان یەکسان نابن. سنوری برگە لە فەرهەنگدا جێگیرە، بەڵام کاتێک دەچێتە فەرهەنگ فۆرمێکی چەسپاو هیچ ژینگەیەکی لە دەوروبەری نییە ئەو ژینگەیە وادەکات سنوری برگە جێگیر نەبێت. بۆنمونە

| | | |
|---|---|---|
| کورد | ستان | کوردستان |
| ١برگە | ١ برگە | ٣ برگە |


سەرەتای برگە لەزمانی کوردیدا بەلای کەمەوە بە کۆنسنانتێک پڕدەکرێتەوە. ئەگەر بەهەر هۆکارێک سەرەتای برگە بەتاڵ بێت دوو ئەگەرمان دێتە پێش حاڵەتی یەکەم ئەگەر وشە، یان مۆرفیمی یەکەم کۆتای بە برگەی داخراو هاتبێت و مۆرفیمی، یان وشەی دواتر بە ڤاوڵ دەستپێبکات سنوری برگە گۆڕانی بەسەر دادێت کۆنسناتی کۆتایی لەجێکەوتەی کۆتای برگەی یەکەم دەگوازرێتە بۆ جێکەوتەی سەرەتای برگەی وشە، یان مۆرفیمی دووەم بەو پرۆسەیەش دەوترێت بە برگەکردنەوە «-Resyl

labification) واتە سەرلەنوێ سنوردانانی برگە «دووبارەکردنەوەی برگە پرۆسەیەکی فۆنۆلۆژییە کەتێیدا ڤاوڵەکان بە ڤاوڵەکانی ترەوە دەبەسترێنەوە جگە لەوانەی لەبنەرەتدا هاتوون، ئەمەش دەتوانی لەناو وشەیەکدا، یان لە سنوری وشەکاندا ڕووبدات زۆرجار دووبارەکردنەوەی برگە بەهۆی گۆڕانی سترێس، یان سڕینەوەی ڤاوڵەکانەوە دروستدەبێت. لەهەندێ حاڵەتدا دووبارەکردنەوەی برگەکان وادەکات، وشەکان وادەربکەون، کە برگەکانیان زیاترە لەوەی کە لەڕاستیدا هەن.





هۆکاری ڕودانی ئەم شێوەیە لە گۆڕانی سنوری برگەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانی کوردی ڕێگە بە بەتاڵبوونی سەرەتای برگە نادات، بۆیە ناچارین ئەم جێکەوتەیە بە کۆنسنانتێکی کۆتای برگەی پێشوتر پڕبکەینەوە. حاڵەتی دووەم ئەگەر برگە کۆتایی وشە، یان مۆرفیمەکە کراوە بوو پاشگرێکیش کە بە ڤاوڵ دەستپێکردبو بەدوایدا بێت، لەو حاڵەتە کۆنسناتێک وەک ناوبر دەکەوێتە نێوان دوو ڤاوڵەکە. بۆنمونە مامۆستایان




حالەتی سێیەم ئەگەر برگە کۆتایی وشە برگەیەکی داخراوبوو، دوو کۆنسنانت جێکەوتەی کۆتای هاتبوو، هەروەها جێکەوتە سەرەتای برگە دواتر لەوشەی دووەمدا دوو کۆنسنانتی هەبوو ئەوا سنوری برگە دەگۆڕێت. بۆنمونە کوردستان. لەم حاڵەتەدا برگەت زیادکردووە لەگەڵ ڤاوڵێک زیاکردنی ڤاوڵەکە لەبەر پێویستی برگە بووە. واتە وشەکە لە دوو برگەوە دەبێتە سێ برگە، ڤاوڵێک دەکەوێتە نێوان دوو ڤاوڵەکە، کە برگەی نوێیان پێکهێناوە.



## ئەنجام

فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان چوارچێوەیەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە سروشتی سیستماتیکی نەخشە دەنگییەکان لە زماندا دابیندەکات و تێروانینێک پێشکەشدەکات، بۆ ئەوەی بزانێت چۆن ئەم نەخشانە لە مێشکی قسەکەرەکاندا دروستدەبن، هەروەها هەوڵدەدات وەسفکردنێکی وردی درکاندن لەبەرهەمهێنانی سیستەمی دەنگی و تێگەیشتن بۆ زمان بکات. قاڵبەکانی برگە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا بەهۆی ڤاوڵی درێژ و کورت دەستنیشاندەکرێت، جیاوازە لە قاڵبەکانی برگە لە فۆنۆلۆژی کلاسیک، چونکە لە فۆنۆلۆژی کلاسیک تەنها پشت بە ڤاوڵ دەبەسترێت نەک کورت و درێژی ڤاوڵەکان، هەر بۆیە لە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێناندا لە زمانی کوردی ژمارەی قاڵبەکانی برگە دوانزە قاڵبە. گۆڕان لەسنوری برگەکان ڕوودەدات بەتایبەتی لەکاتێک نواندنی فۆنیمەکان بەشداری لەدانەی گەورەتردا بکات. لەئەنجامی چونە پاڵیەکی دوو مۆرفیمە ژمارەی برگەکان گۆڕانی بەسەردادێت، چونکە زمانی کوردی ڕێگە بە بەتاڵبوونی سەرەتای برگە نادات، بۆیە ناچاری کۆنسنانتێک بۆ کۆتا برگە دادەنرێت. فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان جیاوازی لەنێوان ئاستە جیاوازەکانی نوێنەرایەتیکردن دەکات، وەک ئاستی بنەڕەتی «ئەبستراکت) و ئاستی ڕووکار «فۆنێتیک). یاسا فۆنۆلۆژییەکان لەسەر ئەم ئاستە جیاوازانە کاردەکەن بۆ وەرگرتنی فۆرمەکانی ڕووکار لە نوێنەرایەتییە بنەڕەتییەکان، چونکە فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان پێیوایە قسەکەران نوێنەرایەتی دەروونیی دەنگەکانی زمانەکەیان هەیە، کە ڕەنگە جیاواز بێت لەو دەنگە ڕاستەقینانەی لەقسەکردندا بەرهەمدەهێنرێن. ئەم نوێنەرایەتییە بنەڕەتیانە بە هۆی یاساکانی فۆنۆلۆژییەوە دەگۆڕدرێن بۆ دروستکردنی فۆرمەکانی ڕووکار.

## سەرچاوەکان

به ئینگلیزی

- Andrew Radford ،Britain David ،Clahsen Harald و، Spencer Andrew. 2009. Linguistics: An Introduction.
- Crystal David. 2008. A Dictionary of Linguistics and Phonetics. London: Blackwell Publishing.
- Francis Katamba. 1989. An Introduction to Phonology. London: Longman Group Ltd.
- KENSTOWICZ MICHAE, KISSEBERTH CHARLES. 1979. Generative Phonology. Urbana, Illinois: United Kingdom Edition published by.
- M. Kenstowicz. 1994. Phonology In Generative Grammar. Oxford: Blackwell.
- N. Chomsky و، M Halle. 1986. The Sound Pattern of English. Harper And Row. Publishers, New York. Evanston, And London.
- Peter Roach. 2000. English Phonetics and Phonology. Third Edition, Cambridge University Press.
- Radford Andrew ،Atkinson Martin ،Britain David. Clahsen Harald. 2009. Linguistics an introduction. Secondi edition.
- Rashwan Mahmood Mustafa. 2007. Local Assimilation of Consonants in English and Kurdish in the Light of Optimality Theory. Koya: thesis submitted to the Faculty of Humanities and Social Sciences at Koya University.
- Roach Peter. 2000. English Phonetics and

Phonology. Third Edition, Cambridge University Press.

- T. Vennemann1988. Preference Laws for Syllable Structure and The Explanation of Sound Change. Folia Linguistic Historica. Vol. 9, No1-2

به کوردی

- تالیب حوسێن عەلی. «٢.١٥). دەنگسازی «چەند بابەتێکی فۆنۆلۆجی کوردی. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵ.

- خەبات هادی جەمیل. «٢.١٥). فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لەزمانی کوردی. هەولێر: نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەددین

- سالح فەریق سەلوا. «٢.١٧). ئەتلەسا فۆنۆلۆجییا زمانێ کوردی پارێزگەها دهۆکێ. ترکیا: چاپی یەکەم چاپخانەی

- شێرزادسەبری عەلی، و عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا. «٢.١٩). فۆنۆلۆژی. دهۆک: چاپی یەکەم چاپخانەی هیڤی.

- عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا، و شێرزاد سەبری عەلی. «٢.١٨). فۆنەتیک. دهۆک: چاپی یەکەم، چاپخانەی هیڤی.

- عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. «٢..٤). چەند پیتێکی کێشەدار لە نوسینی کوردیدا «لێکۆلینەوەیەکی دەنگسازیە)،. گۆڤاری زانکۆی دهۆک، هژمارا ١).

- محمد معروف فتاح. «١٩٩.). زمانەوانی

- محەمەد مەحوی. «٢..٨). فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی «فۆنۆلۆژیی). سلێمانیی: زانکۆی سلێمانیی، بەرگی دووهەم.

- نەریمان عەبدوڵا خۆشناو. «٢.١٣). دەنگسازی. هەولێر: چاپی یەکەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- هەژار قادر ئیسماعیل. «٢.١٣). ڕۆنانی برگەو گۆرانی سنووری برگە لەشێوەزاری باڵەکییاندا. هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

- وریا عومەر ئەمین. «٢..٤). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. هەولێر: بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم

به فارسی و به عەرەبی

- آروین رستمی. «١٣٩٢). بررسی ساخت هجا و محدودیتهای خوشه های همخوانی در زبان فارسی در چهارچوب نظریه بهینگی. شیراز : وزارت علوم، تحقیقات و فناوری - دانشگاه شیراز - دانشکده ادبیات و علوم انسانی - ١٣٩٢ - [کارشناسی ارشد].

- سامی عیاد حنا. «١٩٩٧). معجم اللسانیات الحدیثه. لبنان: مکتبه لبنان ناشرون .

- فوزی حسن الشایب. «١٩٩٩). محاضرات فی السانیات منشور وزاره الثقافه. عمان- الاردن.

- گلناز مدرسی قوامی. «١٣٨٩). نظریه بهینگی: مروری بر پیشینه و سازوکار . تهران : در مجموع مقالات کارگاه بررسی - نظریه بهینگی. انجمن زبان شناسی ایران، پروهشگاه عگوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

- محمود بی جن خان. «١٣٩٨). واج شناسی. تهران: ناشر: سازمان سمت.

## ملخص

الأصوات جوهر اللغة، وكل لغة تبدأ بالأصوات، أي أن الأصوات هي أول منتج للغة من قبل الفرد. ينشئ البشر عددا لا نهائيا من الجمل والصرفيات والكلمات والمصطلحات اللغوية بفضل عدد معين من الأصوات. لا تعبر هذه الجمل والكلمات والمصطلحات اللغوية دائما كما هي، بل بسبب تغير تعبيرها من حولها، أو بسبب تمثيل فونيمات اللغة في بنية وحدات أكبر. لذا، فإن الوحدات الأساسية للكلام هي الفونيمات، وهي أصغر وحدات اللغة التي لا تحمل معنى بحد ذاتها، بل تتغير معناها. تختلف اللغات باختلاف قواعدها، التي تحكمها بنية حروف العلة، والتي يمكن أن تؤثر على الإدراك الصوتي للكلمات. يركز علم الأصوات الإنتاجي على الجوانب الصوتية والفونولوجية وكيفية إنتاج الأصوات ودمجها لتكوين الجمل. الفقرة وحدة لغوية مرتبطة بحروف العلة. تأخذ هذه الحروف «جوهر الذروة) قوة الفقرة. يتم تحديد الفقرة وفقا لقصر حروف العلة وطولها. يشير هيكل الفقرة إلى كيفية ترتيب الأصوات لتكوين جمل ذات معنى في لغة معينة. الفقرات هي بناة الكلمات، وتؤثر على طريقة التعبير عنها.

الكلمات المفتاحية: الصوت، الفونيم، حرف العلة القصير، حرف العلة الطويل، إعادة التقسيم

## Abstract

Sounds are the essence of language, as every language fundamentally begins with sounds, through a finite number of sounds, humans create an infinite number of syllables, morphemes, words, and linguistic terms. These syllables, words, and linguistic terms are not always pronounced identically; rather, variations in pronunciation occur due to surrounding contexts or through the phonemic representation of language in the formation of larger units. Consequently, the fundamental building blocks of basic speech construction are phonemes, which are the smallest linguistic units that, while lacking inherent meaning, serve as catalysts for semantic change. Generative phonology focuses on phonetic and phonological aspects, examining how sounds are produced and combined to form syllables.

A syllable represents a linguistic unit associated with vowels. These vowels “the syllable nucleus) derive their syllabic strength according to vowel length, whereby syllables are determined by the duration of vowels. Syllable structure refers to the organizational patterns and arrangement of sounds for creating meaningful utterances in a specific language. Syllables serve as the foundation of words and exert influence on word formation and pronunciation patterns.

Keywords: sound, phoneme, short vowel, long vowel, Resyllabification